# ئەبو تارا: لەدەستدانی کەرکوك و پارچەکانی تریش بەرهەمی دووپارچەیی دوو حزبەکەو نەبوونی هاوپەیمانی هاوبەشی نێومالّی کوردستانە



ئاسۆ

دوابەدوای ئالوگۆڕەکانی چەند مانگی رابردووی عێراق، بارودۆخێکی سیاسی نویێ هاتۆتە ئاراوە، بەمەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی سیاسی کوردستان لە عێراقی نوێدا، بەپێویستمان زانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ هاوڕێ (ئیبراهیم سۆفی مەحمود) ناسراو بە (ئەبو تارا) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ساز بدەین.

یەك نەبوونی گوتاری سیاسی کوردو حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی پارتیو یەکێتی فاکتۆری بنەڕەتی بوو بۆ لاوازی پێگەی کورد لە بەغداد، پێتان وا نییە ئەم یەکگرتوو نەبوونە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی دۆڕاندنی کێشەی کورد لە عێراقدا؟

ئەبو تارا: راستییەکی زۆری تێدایە کە دەوترێ زۆربەی جار نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆکردنا شکست دەهێنن لە چاو پەیمانو راگەیاندنەکانی خۆیاندا بەرامبەر حیزبو خەڵکەکەیان, ئەمجارەش شتی وەها زۆر دەوترێتەوە. تا ئێستا زوری لەسەر نووسراوەو هێشتا ئەرکێکەو رووبەڕوی مرۆڤی کورد بەتایبەتی سیاسیو لێکۆڵەرەوەکانو زانایانو تەوەرە سەرەکییەکانی هوشیاری نیشتمانیو چینایەتیو نەتەوەییەکەی لە سەری رابووەستن.

وەك دەڵێینو راستییشە: کە جارێكو دوو جار نییە کوردستان بە خەباتو خوێنی قارەمانانەی جەماوەرێکی بەرفراوانو ئاشتیو دیموکراتیخوازی پێکهاتەکانی نەتەوەو توێژەکان لە خەباتی شاخو شارو, وەك بەرهەمی هێزە سیاسییە جۆراو جۆرەکان خۆیانو پشتیوانەکانی قۆناغە جیاجیاکانی سەرکەوتوو بووە وە دوژمنی خوێن خواری خۆی. دواییەکەیشیان دیکتاتۆریەتی فاشی بەغدا, بە چۆکدا هێناوە, بەڵام کاتێك کە نوێنەرانی جۆراو جۆری کورد دەچێتە سەر مێزی گفتوگۆکردن لەگەل بەرامبەرەکانیدا, مخابن زۆر خواستی گەلەکەیو دروشمەکانی خەباتەکەی خودی قۆناغەکە دەدۆڕینی, و بە مۆرو ئیمزای خۆیشی.

بەلام دەبێ هەر حاڵەتێك لە زەمینو زەمانی خۆیدا هەڵبسەنگێندرێت. دەرچوونی بڕیاری 1546ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی گوێزانەوەی یاسای دەسەڵاتداری لە داگیرکەران (ئەمریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانان) کە بەپێی بڕیاری 1584ی پێشویان ناویان لێی نابوونو بەرپرسیارییەکەیان خستبووە ئەستۆیان کە داگیرکەرن. ئەم بڕیارە تازەیەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك فشارو ململانێی دەوڵەتانی ئەوروپیو خلیجییەکانو دەوروبەری عێراق خۆی لە لایەكو گەمەی هاوپەیمانانی هەمیشە پابەندی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانو حاڵی ناتەواوی ئەنجومەنی کاتی عێراقو, لە لایەکی تریشەوە خۆکێشکردنی درێژخایەنی شاندی کوردی بە دوای خۆش باوەڕیو تارماییەکی نادیاری ئومیدداو, بێ دابینکردنی هیچ گەرەنتییەكو, بێ گەڕانەوەیان بۆ پرسکردن بە گەلەکەیانو هێزە سیاسیو کەسایەتییە هۆشیارەکانی کوردستانو, لەوانەش زەقتر مورکردنیان بۆ یاساو بڕیارە عێراقییەکان کە خۆیان لە پاشدا رەخنەیان لێگرتو نەوعێك لۆمەکردنیان دەربارەیان بلاّوکردەوە.

: شەفاف نەبوون بەشێکە لە کلتوری سیاسی پارتیو یەکێتی، ئەمەش وایکردووە بەردوام کێشەی کورد لەنێو ژوورە داخراوەکاندا قەتیس بێت، پێتان وانییە شەفاف نەبوون هێزەکانو بەرچاو روون نەبوونی جەماوەر کێشەیەکی گەورە دەبێت لە هەمبەر چارەنووسی کورددا لە عێراق؟

ئەبو تارا: ئەوەی کە دەسەڵات سیاسی کوردی شەفاف نەبوون لەگەڵ خەڵکی کوردو دووای ڕووداوەکان شتێکییان بۆ خەڵك باس کردووە, هەرچەندە باسکردن بەشێوەیەکی وردو لەم کاتە هەستیارەدا کە ڕووبەرووی کۆمەڵێك ئەرك‌و مەترسی دەبینەوە, مەبەستم بە هەموومانەوە ڕووبەڕووی دەبینەوە, گشت حزب‌و کۆمەڵ‌و کەسایەتییەکانی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی عێراق, بە پارچە ڕزگارکراوەکەو پارچە زۆرو گرنگەکانی دەرەوەی سنووری هەرێمدا هێڵرایەوە بۆ ماوەیەکی نەزانراو لەقوڕگی شێردا. ئەمە وا دەکات بە کورتی بڵێم: هەر لە گفتوگۆکردنەکانی نێوان نوێنەرانی هەردوو حزب‌و حکومەتی دەسەڵاتداری کوردستان لە پێشوودا, کە هەر جارێك نزیکبوونەوەی ناوخۆیی خۆمان بگەیشتایەتە ئاسۆیەك کە کیشەکانی ناوخۆمان بە توانای خۆماڵی خۆمان هەنگاوێکی باش بهاوێژیت بەرەو پێشەوە, خێرا بانگی بەرپرسیاران دەکرا بۆ تاران‌و ئەنکەرەو سلوبی‌و بێرن لەسویسراو واشنگتن‌و نیویۆرك‌و لەندەن‌و دواییەکەشیان ڕێکەوتننامە هاوبەشە گرنگەکەی نێوان (پارتی‌و یەکێتی) لە واشنگتن کرا. لەگەڵ ئەوەشدا کە حزبی شیوعی کودستان (زۆر حزب‌و لایەنی تریش) سەرنجی تایبەتی خۆی‌و بە گیانی بەرپرسیارییەوە لەسەریان ڕاگەیاند, بە ئاراستەی پێویستی بەشداریکردنی گەل‌و حزبە سیاسییەکان‌و.. پێش وەخت لەپرۆسە سیاسییە گرنگانەدا بۆ بەهێزکردنی شوێن پێی گفتوگۆکەران لە گەل ئەو لایەنانەدا, هەروەهاش داواکار بوە, وەك حزب‌و کۆمەڵانی تری گەلەکەمان کە مەسەلەکان بخرێتە پێش چاوی گەل لە گەڕانەوەیاندا تا گەل خاوەنی بڕیاری خۆی بێت.گەر بە هەڵە نەچووبم لە هەموویاندا چ کۆبوونەوەیەکی پیشەیی لەگەڵ حزبە سیاسییە ئەساسییەکان‌و ڕێکخراوەکان‌و کەسایەتییەکانی کوردستاندا نەدەکراو گەلی کوردستان کەمێکی هەواڵەکان‌و ئەنجامەکانی لە زمانی ئەم یان ئەو لە بەرپرسیارە بەشدارەکانەوە دەبیست, کە دەکراو زۆر ئاسان بوو کە باشتر بکرێت. واتا وەك پێویست کۆمیتەیەکی هاوبەشی حزبە سیاسییەکان‌و کەسایەتییەکان‌و بەرنامەیەکی هاوبەشی سیاسی‌و سنووردار پێك بهاتایە کە دەیتوانی زامنکەرێکی گرنگ بێت بۆ باشترو بەهێزکردنی ڕۆڵەکە بۆ خۆیان‌و حزب‌و حکومەت‌و سەرجەمی‌پرۆسەکەمان. بۆ وەڵامی ڕۆڵێکی گەورەتری حزبەکانی تری گۆڕەپانەکە لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر کێشە نەتەوایەتییەکان. دەکرێ‌بڵێم‌:پێویستییەکی بابەتی‌و ڕەوای گۆڕەپانی کوردستان بووە لە چەندان ساڵەوە پێکهاتنی حەوت حیزبە کوردستانییەکە هەر بەو ئومێدە بووە کە پێکەوە ڕۆڵێکی باش لەنێوان هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان, وەك تەواوکەری یەکتری‌و بە هەموانەوە ڕۆڵە گشتییە نیشتمانی‌و نەتەوایەتییەکە بگێڕن, بەڵام لە پێکهاتەی حزبەکان خۆیان, لە هەورازو نشێوی سەختی ململانێی ناو گۆڕەپانەکەداو, لە جۆراوجۆری فشارو کاریگەرییەکانی ناو دەوروبەرو, ماوەیەکی باش ئەو هاوکارییە وەستاو پچڕا, و پاشان لەسەر شێوەی پێنج حیزبە کوردستانییەکە پێکهاتەیەکەی تر هاتە کایەوەو پێش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕۆڵێکی بینی‌و لەسەرو بەندی کۆنگرەی گشتی هێزی بەرهەڵستکارانی عێراقی‌و کوردستانی پێکەوە کە لە لەندەن لە دیسێمبری 2002دا بەسترا, پاش ڕووخانی ڕژێمی صدام حسین‌و هاتنە کایەی بارودۆخێکی نوێ‌و بەپێی بەرژەوەندی نوێ, دیسان‌و گۆڕان‌و پچڕانێك بەسەر کۆبوونەوەکان‌و ڕۆڵی ئەو پێنج حیزبە سیاسییەدا هات, کە خۆشبەختانە لە 2004/7/21داو لە سەرو بەندی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزگاکان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی عێراق جارێکی تر بە چوار حیزبی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی لیژنەی هاریکارییان کراو ڕاگەیاندنیان بڵاوکردەوەو نامەیەکیشیان بە جودا ئاراستەی بەرێز مام جەلال تاڵەبانی‌و کاك مەسعود بارزانی‌و هەردوو. (م. س) ی هەر دوو حیزب کرد.

: کەرکوك شارێکی کوردستانییەو بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان فایلێکی گرنگ‌و ئاڵۆز بووە، بەشێك بووە لە خاڵی ناکۆکی نێوان دەوڵەتی ناوەندی‌و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، پێتان وانییە کورد بۆ گەڕانەوەی ئەم شارە بۆ نێو سنووری هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمی کردووە؟

ئەبو تارا: بۆ کێشەی کەرکوك زۆرمان وتووەو تۆمار کردووە, بواری موزایدە نییە, کەرکوك شارێکی ناو خاك‌و سنوورو نەخشەی مێژوویی کوردستانەو جێگەی یەقین گوێزانەوە بۆ شك‌و گومان‌و قسە لەسەرکردن نییە. با پێکهاتەی دانیشتوانی جاران‌و کاتی بەعسییە شۆفێنیستە جینۆسایدکارەکان یان ئێستاو پاش ئێستاش, هەر ڕێژەیەکی بەرزو نزم بۆ نەتەوەی کورد یان تورك یان عەرەب یان کلدو ئاشور پێك بهێنی, شارێکی فرە نەتەوەو کلتورو بەرژەوەندییە, شاری برایەتی هەموانە, ئەوە شارێکی کوردستانییەو دەبوو مۆر نەکرێت بەو شێوەیە. نەك ئەوە بەڵکو پارچە پچڕێندراوەکانی تریش‌و پاش ڕووخانی ڕژێم نەگێڕانەوەیان بۆ ناو سنوورەکەی.

دەکرێ مرۆڤ ڕاست‌و ڕێك بڵێت لە دەستدانی کەرکوك‌و پارچەکانی تریش‌و دواخستنی گێڕانەوەی ئاوارەکان‌و سەرنویشت دیار نەکردنی ئەنفالکراوەکان‌و گۆڕە بە کۆمەڵەکان‌و.. بەرهەمی دوو پارچەیی حکومەت‌و لەشکرو ئیدارەو سیاسەتی دوو حیزبەکەو, نەبوونی هاوپەیمانی هاوبەشی نێو ماڵی کوردستان‌و هەر لایەك بۆ خۆی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکانی تیرەو کۆمەڵی عەرەب‌و تورکمان‌و هتدو بە سامانێکی زۆر, لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانە مزمن نین‌و لەبەرامبەریدا ناو هێزو لایەنەکانی کوردستان هێشتا ڕێك نەخراوە, لێبووردنی برایانە جێگەی نەگرتووە, وەك پێویست. ئێمەو زۆریی تریش ئاگادارین تا ڕادەی دەنگ نەدان بە هاوڕێیانمان لە هەندێك بواردا ڕێگا بۆ لایەنەکانی تر دابین دەکرێت بۆ پێشکەوتن لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە گشتییەکانمان.

ڕێگای سەرکەوتوو ئەوەیە کە کۆمەڵێك هاوپەیمانی‌و دۆستایەتی نێوان بەشەکانی گەلی کوردو تورکمان‌و عەرەب‌و کلدو ئاشوری ناو کەرکوك‌و دەرو پشتی کراوەو هەیە, چەندان هاوسەنگەری 20 -22 حزب‌و ڕێکخراو پێك هێندراوە, زمان‌و خیتاب‌و بەرنامەی هاوبەشی نێوان نوێنەرانی نەتەوەکان لە پێش هەموو شییەوە خودی تواناکانی پارتی‌و یەکێتی یەکخرێت‌و ئاراستەی مەبەستە پیرۆزەکە بێت‌و لەگەڵ حیزب‌و لایەنە کوردستانییەکاندا یەك بەرنامەو نەخشە بەجێ بهێنین‌و لە ئاست سیاسەتی ناوەندی عێراق‌و دەستێوەردانەکانی دەرەکی‌و ناوەکی بە بەرنامەی هاوبەشی دیالۆگ‌و یارمەتیدانی هاوبەش بڕۆینە پێشەوە. هەموو ئەوەی پێی وترا شەڕە پەڕۆ یان هەرلایەك بۆ خۆی پارە بڕێژێ‌و بیەوێ بە تەنیا کەرکوك بگێڕێتەوە بۆ کوردستان, دیارو ئاشکرایە کە سەرکەوتوو نابێت‌و ئاو لە ئاشی بەرنامەکانی نەیاران دەکات.

: پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران لە پارێزگاکان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی عێراق رەخنەو گازندەی زۆری لەسەرە بەتایبەتی لە هەرێمی خۆمان، ئێوە وەکو حزبی شیوعی تا چەند پێتان وایە ئەم هەڵبژاردنە بە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا تێپەڕ بووە؟

ئەبو تارا: پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی عێراق زۆر قسەو رەخنە هەڵدەگرێت. هەر لەوێوە کە رێنماییەکانی ناوەندی بە دەستو پەنجەو ئەندێشەی نوێنەرانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەر دوو ئیدارەی هەرێمی کوردستانو لایەنەکانی تری عیراقیو بەشداری نوێنەرانی حیزبی شیوعی کوردستانو حزبی سوسیالست دیموکراتی کوردستانو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو زۆری تر کە لەم ماوەیەدا جێگەیان لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەدا گرتوە. کەچی زۆر لە ئەو مەرجو خاڵو شتانەی ئەو رێنماییانەی ناوەندی بەجێ نەهێندراوە وەك پێویست. لە سلێمانیدا کە زۆرمان هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەکە لە یەکەم رۆژەوە کردووەو هەوڵدانمان لەگەڵ گشت حزبەکانو لایەنو ئیدارەی پارێزگارو راگەیاندن کردووە. چونکە پرۆسەکەمان بەرەو نمونەیەکی دیموکراسییانە دەویست بڕواتە پێشەوەو بە دەنگدان بێت. ئەوانەی فۆڕمەکان پڕ دەکەنەوەو مافی چوونە هۆڵەکەیان هەبێو لەویشدا بەپێی رێنماییەکان مافی خۆ کاندیدکردنیان هەبێت کە لە سەرەتاوە بڕیاریان بۆ دراوەو بۆ ئەوە هاتبوون. لەسلێمانیدا زۆر لایەنی بانگەوازکردنو بڵاوکردنەوەی فۆڕمەکان کراوە, گەرچی کەمو کوڕی زۆری تێدا بووە. بەلام ئەوەی کە داوا کرا بگەڕێنەوە بۆ قائمقامی قەزاکانو مەڵبەندەکانی ینكو لەوێوە حیزبەکانو لایەنەکانو کەسایەتییەکان جێگا بۆ خۆیان بگرن لە لیستەکانی ئەواندا, و پاشان مەسەلەی توافقی حزبەکان هاتە کایەوەو, لە ئەنجامدا لەلایەن ینکەوە جێگایەك بۆ هەر یەك لە حشكو زەحمەتکێشانو حیزبی سوسیالیست دیموکراتیو کۆمەڵی ئیسلامیی دیاری کرا لە ئێوارەی 21/ 7/ 2004دا, ئەمە لەکاتێکدا کە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی لێژنەی هاریکاری حزبە کوردستانییەکاندا هەڵوێستی کشانەوەی برایانی یەکگرتووی ئیسلامیی گفتوگۆی لەسەر کراو ئەوان ئازادانە بۆ خۆیان رایان گەیاند بەڵام هەوڵدانی لیژنەکە درێژەی پێدرا لەگەڵ سەرکردایەتی ینکدا, باقیاتی کورسییەکان بۆ خۆیان بوو. کە لەراستیدا لە هۆڵەکەدا دەنگدان کراو چەندان قسە هەڵدەگرێت, ئەوەی بۆ ئێمەو حیزبو لایەنەکانی تریش جێگەی لۆمەو پەسەندکردنی جەماوەر نابێت ئەوەیە کە بۆ ئەم ئەنجومەنە چکۆلەیە وا بکەین لە یەکتری, ئایا چۆن بڕوایەکی نێو خۆمانو جەماوەر دورست دەکەین بۆ هەڵبژاردنی گشتی عێراقو کوردستان لە مانگی 12ی ساڵدا؟